المكتـب الإقليمـي
للشـرق الأوسـط وشمـال أفريقيـا

UNODC
مكتب الأمم المتحدة المعني بالمخدرات والجريمة

# نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مادده هۆشبەرەکان و تاوان

# عێراق

# 2022

**لە ساڵی 2022 نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مادده هۆشبەرەکان و تاوان (UNODC) سەرنجی خستە سەر پاڵپشتیکردنی عێراق لە بەهێزکردنی هاوکاری نێودەوڵەتی و ناوچەیی لە بوارەکانی وەک بەڕێوەبردنی سنوورەکان و هەروەها هەوڵە نیشتمانییەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکان، تۆڕە تاوانکارییەکان، تیرۆر، بازرگانیکردن بە کەسەکان، و... زیاتر.**

## نوێنەری ناوچەیی UNODC سەردانی عێراق دەکات بۆ پەرەپێدانی پەیوەندی و زیادکردنی هاوکارییەکان



نوێنەری ناوچەیی UNODC، خاتوو کریستینا ئەلبێرتین، سەردانی عێراقی کرد بۆ ئەنجامدانی زنجیرەیەک کۆبوونەوەی گرنگ لەگەڵ حکومەتی عێراق بۆ تاوتوێکردنی بوارەکانی ئێستای هاوکاری و فراوانکردنی هەوڵەکانی داهاتوو.

ئەرکەکە بریتی بوو لە کۆبوونەوە لەگەڵ وەزیری تەندروستی و وەزیری داد و سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای دادوەری هەروەها کۆبوونەوە لەگەڵ نوێنەرانی وەزارەتی دەرەوە، لەنێو لایەنە نیشتمانییە پەیوەندیدارەکانی دیکە. هەروەها ئەرکەکە گفتوگۆی گرنگی لەخۆگرتبوو سەبارەت بە مامەڵەکردن لەگەڵ بازرگانیکردن بە ماددە هۆشبەرەکان، چارەسەرکردن و خۆپاراستن لە ماددە هۆشبەرەکان، پشتگیریکردنی قوربانییەکان، چاکسازیی منداڵان، و وەرگرتنەوەی سەروەت و سامان و هەروەها کردنەوەی وۆرک شۆپێک لەسەر رۆڵی میدیا لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و پشتگیریکردنی مافەکانی قوربانیانی تیرۆر.

## عێراق و میسر شارەزاییان لەبارەی بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکانەوە ئاڵوگۆڕ دەکەن

بەڕێز دکتۆر هانی عوقابی وەزیری تەندروستی و سەرۆکی دەسەڵاتی باڵای نیشتمانی بۆ کۆنترۆڵکردنی ماددە هۆشبەرەکان و ماددە دەروونییەکان سەردانی میسری کرد وەک بەشێک لە هاوبەشی لەگەڵ UNODC بۆ ئاڵوگۆڕی شارەزایی و زانیاری لەگەڵ هاوتا میسرییەکەی سەبارەت بە گرنگیدان بە بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان خۆپاراستن، چارەسەرکردن، چاکسازی و یەکگرتنەوە. کۆبوونەوەکان بریتی بوون لە کۆبوونەوە لەگەڵ بەڕێز نیڤین ئەلکەباگ، وەزیری هاوپشتی کۆمەڵایەتی میسر و دکتۆر عەمر عوسمان یاریدەدەری وەزیری هاوپشتی کۆمەڵایەتی و بەڕێوەبەری سندوقی نیشتمانی بۆ کۆنترۆڵکردن و چارەسەرکردنی ئالوودەبوون بە ماددە هۆشبەرەکان (FDCTA). کۆبوونەوەکان یارمەتیدەر بوون بۆ گەیشتن بە تێگەیشتنێکی کۆنکرێتی لە هەنگاوە هاوبەشەکانی داهاتوو و هاوکاری لەسەر ئەو بابەتە.

## تەکنیکەکانی لێکۆڵینەوە تایبەتمەندەکان بۆ هەڵوەشاندنەوەی مەترسی تۆڕە تاوانکارییە نێودەوڵەتییەکان کە بەشدارن لە بازرگانیکردن بە ماددە هۆشبەرەکانەوە

بەکارهێنانی شێوازی لێکۆڵینەوەی تەقلیدی بۆ بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بە ماددە هۆشبەرە نایاساییەکان سەلماندوویەتی کە کاریگەر نین چونکە بەزۆری دەبێتە هۆی دەستگیرکردنی تەنها بازرگانانی ماددە هۆشبەرە ئاست نزمەکان نەک پاشاکانی ماددە هۆشبەرەکان و تۆڕەکانیان. لێرەوە، بەکارهێنانی ئامرازە تایبەتمەندەکانی لێکۆڵینەوە حەتمییە بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشەی هەمیشە گەشەسەندووی گروپە تاوانکارییە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان.

بە پاڵپشتی بەخشندەیی نووسینگەی نێودەوڵەتی ماددە هۆشبەرەکان و کاروباری جێبەجێکردنی یاسا (INL)ی ئەمریکا، پرۆژەیەک بە ناوی "بەهێزکردنی تواناکانی جێبەجێکردنی یاسا و خزمەتگوزارییەکانی لێکۆڵینەوەی تاوانەکانی عێراق" جێبەجێ دەکات. لە چوارچێوەی ئەم پرۆژەیەدا، UNODC بە هەماهەنگی و هاوکاری نزیک لەگەڵ حکومەتەکانی عێراق و فەرەنسا و ئەمریکا، ڕاهێنانی پێشکەش بە 15 ئەفسەری لێکۆڵەری باڵا لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر و دژە تاوان لە وەزارەتی ناوخۆی عێراق سەبارەت بە "چاودێری و... کارامەیی لێکۆڵینەوە" کە توخمێکی گرنگە و وەکو بەردی بناغەی تەکنیکە تایبەتەکانی لێکۆڵینەوەکان دادەنرێت.



لە ڕاهێنانەکەدا تیشک خرایە سەر سنوورەکانی بە ئامانجگرتنی گرێبەستە دەست بە دەستەکانی شەقام و چاودێریکردنی جەستەیی سادەی بازرگانانی گومانلێکراوی مادده هۆشبەرەکان کە کارامەترین بەکارهێنانی سەرچاوەکان نییە و زۆربەیان نابنە هۆی دەستگیرکردنی خاوەن مادده هۆشبەرەکان. یانیش بەکارهێنانی زانیاریدەر و ئۆپەراسیۆنە نهێنییەکان ئامرازێکی لێکۆڵینەوەی بنەڕەتییە لە کەیسەکانی بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکاندا وەک لە هەر بوارێکی جێبەجێکردنی یاسادا.

هەروەها شێوازی لێکۆڵینەوەی چاودێری ئەلیکترۆنی وەک ئامرازێکی جێبەجێکردنی یاسا باسکرا کە بەکاردەهێنرێت کاتێک گرووپێکی تاوانکاری ڕێکخراو ناتوانرێت لەلایەن کەسێکی دەرەکییەوە بچێتە ناوەوە، یان کە دزەکردنی جەستەیی یان چاودێریکردن مەترسییەکی قبوڵنەکراو بۆ لێکۆڵینەوەکە یان سەلامەتی لێکۆڵەران نیشاندەدات.

لەمبارەیەوە 21ئەفسەر لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی دژە ماددەی هۆشبەر و دژە تاوان ڕاهێنانیان پێکرا لەسەر شیکاری هەواڵگری تاوانکاری ئۆپەراسیۆن و بەکارهێنانی بنەڕەتی و پێشکەوتووی نەرمەکاڵای شیکاری زانیاری "نۆتبووکی شیکارکەری i2 Analyst Notebook".

بەکارهێنانی شیکاری هەواڵگری تاوانکاری تەواوکەری شێوازە لێکۆڵینەوە تەقلیدییەکان دەبێت و لێکۆڵەران بتوانن بە خێرایی داتای سەرچاوە جیاوازەکان کۆبکەنەوە، شیکاری بکەن و ببینن بۆ دەستنیشانکردن، پلاندانان، ڕێگریکردن و/یان وەستاندنی چالاکییە تاوانکارییەکان.

## وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی تەندروستی عێراق خزمەتگوزاریی پزیشکی دادوەری خۆیان بەرز دەکەنەوە بۆ ناسینەوەی مادده هۆشبەرە نایاساییەکان




بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکان ڕۆڵی بێئەندازەی خزمەتگوزارییەکانی پزیشکی دادوەری لەناو جێبەجێکردنی یاسادا دەخاتە ڕوو. خزمەتگوزارییەکانی پزیشکی دادوەری ڕووبەڕووی ئەرکێکی قورس دەبنەوە بۆ وەڵامدانەوەی مەترسییەکانی بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکان، ئەمەش بەهۆی ئاڵنگارییەکانی دەستنیشانکردنی ئەو ژمارە زۆرەی مادده هۆشبەرە دەستبەسەرداگیراوەکان و نەبوونی پسپۆڕی پزیشکی دادوەری لێهاتوو.

لە بەرامبەر پێداویستییەکانی پزیشکی دادوەری عێراق، UNODC دوو وۆرک شۆپی پێشکەش کرد، لە چوارچێوەی ئاسانکارییەکانی بەڕێوەبەرایەتی لێکۆڵینەوەی بەڵگەی تاوان (CID)، وەزارەتی ناوخۆ، و بەڕێوەبەرایەتی یاسایی پزیشکی (MLD) لە چوارچێوەی وەزارەتی تەندروستی لە بەغدا. ئەمەش بەشێک بوو لە پڕۆژەی UNODC لەسەر "بەهێزکردنی تواناکانی جێبەجێکردنی یاسا و خزمەتگوزارییەکانی لێکۆڵینەوەی تاوانەکانی عێراق " (2019-2023) ، کە لەلایەن نوسینگەی نێودەوڵەتی مادده هۆشبەرەکان و کاروباری جێبەجێکردنی یاسای ئەمریکا (INL)ەوە پارەی بۆ دابینکرابوو. وۆرک شۆپەکە پسپۆڕانی تەکنیکی پزیشکی دادوەری تایبەتمەند لە ناو وەزارەتەکانەوە کردە ئامانج و لەلایەن شارەزایی نێودەوڵەتییەوە لە تەکنیکەکانی کرۆماتۆگرافی گازی-سپێکترۆمێتری بارستەیی (GC-MS) دابینکرابوو، کە شێوازێکی کارامەیە بۆ هەڵبژاردن لە ناسینەوەی دەرمانی تاقیگەیی ڕۆتینی. بەشداربووان بەرکەوتەی بنەماکانی کارپێکردن و پاراستنی ئامێرەکانی GC-MS و لێکدانەوەی ئەنجامەکان بوون، لە ڕێگەی کاری تیۆری و پراکتیکییەوە.

راهێنانەکان جەختیان لە پەرەپێدانی شارەزایی بەردەوام و کارامەی پزیشکی دادوەری لەناو خزمەتگوزارییەکانی جێبەجێکردنی یاسای عێراقدا دەکردەوە. ئەم جۆرە دەزگایە کاریگەرانەی پزیشکی دادوەری ئەنجامێکی باشتر بەدەست دەهێنن و لێرەوە یارمەتی گەڕاندنەوەی متمانە دەدەن بە دامەزراوەکانی جێبەجێکردنی یاسا لە هەمان کاتدا ڕێزگرتنی تەواو لە مافەکانی مرۆڤ و سەروەری یاسا مسۆگەر دەکەن.



بەکارهێنانی کارامەی سیستەمی GC-MS لە تاقیگەی پزیشکی دادوەری جێبەجێکردنی یاسادا پرۆسەیەکی بەردەوام بۆ ناسینەوەی ماددە هۆشبەرەکان چالاک دەکات و درێژدەبێتەوە بۆ دیسیپلینەکانی لێکۆڵینەوە لە تەقەمەنی، لێکۆڵینەوە لە ئاگرکەوتنەوە و دۆزینەوەی دەرمانی ساختە. تەکنیکەکانی GC-MS لەلایەن خزمەتگوزارییەکانی پزیشکی دادوەری وەزارەتی ناوخۆ لە عێراقدا بەکاردەهێنرێن، بەمەش دابینکردنی ڕاهێنان بۆ کارپێکردن و چاککردنەوەی ئامێرەکانی GC-MS گرنگییەکی زۆری هەیە.

## کۆبوونەوەی ئاستی باڵا بۆ خستنەڕووی دەرەنجامەکانی هەڵسەنگاندن و پەروەردەکردنی خاوەنداریێتی نیشتمانی بۆ چارەسەرکردنی ئەو هەڕەشانەی کە لەلایەن تیرۆریستان و زیندانیانی چەکدارە تیرۆریستیە بیانییەکانەوە دروست دەبن

حکومەتی عێراق و UNODC هاوکاریی چاکسازی لە زیندانەکاندا جێ بەجێ دەکەن. UNODC، وەک جێبەجێکاری دەستپێشخەرییەکی بنیاتنانی توانا کە لەلایەن حکومەتی ئەمریکاوە پارەدار دەکرێت، پێداچوونەوەی بە لایەنە پەیوەندیدارە سەرەکییەکانی وەزارەتی داد، وەزارەتی ناوخۆ، وەزارەتی دەرەوە، ئەنجومەنی باڵای دادوەری، و ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی پێشکەش بە هەڵسەنگاندنی ئەم دواییەی تایبەت بە چاکسازییەکانی عێراق. UNODC دۆزینەوەکانی وەک بەشێک لە پرۆگرامی "گەڕاندنەوەی چەکدارانی تیرۆریستی بیانی لە دەستبەسەرکردندا" خستەڕوو ، کە توانای وڵاتان بەرز دەکاتەوە بۆ پەرەپێدانی ئامرازەکان بۆ چارەسەرکردنی توندڕەوی و دامەزراندنی تیرۆریستان لە زیندانەکاندا.

پێشکەشکردنەکە تیشکی خستە سەر تێگەیشتن لە پرسەکانی زیندانیکردن لە ڕوانگەی سیستەمێکەوە، سەیرکردنی ئەرکە ڕێکخراوەییەکان، خۆشگوزەرانی زیندانییەکان، ژێرخانی و ئاسایش. دەرەنجامەکانی ڕاپۆرتەکە لەسەر بنەمای ڕوومالی گشتگیری سێ چاکسازی گەوران ( پیاوانی پێگەیشتوو) و یەک دامەزراوەی چاکسازی ئافرەتان لە ژێر دەسەڵاتی وەزارەتی دادی عێراقدایە.

کۆبوونەوەکە بەژمارەیەک فیدباکی وردی بەشداربووان کۆتایی هات تاکو لە ڕاپۆرتی پشتگیریکراودا ڕەچاو بکرێن. لە ڕێگەی ئەم هاوبەشییەوە، UNODC ئامانجی بەهێزکردنی توانای دامەزراوەیی عێراقە بۆ بەڕێوەبردن و کەمکردنەوەی هەڕەشەکانی تیرۆریستان و زیندانیانی FTF. باشترین پراکتیزەکانی چاکسازی نێودەوڵەتی بەکاردەهێنرێن ، لەوانە پۆلێنکردن و بەڕێوەبردنی کەیس، کۆنترۆڵکردنی قاچاخچیەتی، کۆنترۆڵکردنی دەستڕاگەیشتن لە نێوان خانەکان و بیناکانی زیندانەکان، و پەرەپێدانی پرۆسەکانی وەرگرتن.

## UNODC ڕۆڵی میدیا عێراقییەکان لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و پشتیوانیکردن لە مافی قوربانیانی تیرۆر بەرز دەکاتەوە



میدیاکان لەسەر گرنگترین وپێشینەییترین بابەتەکان لەگەڵ بینەرانی نیشتمانی و نێودەوڵەتی قسە دەکەن و دەسەڵاتی ئەوەیان هەیە کە بۆشاییەکانی زانیاری بە زانیاری باوەڕپێکراو و یەکگرتوو پڕبکەنەوە؛ بۆشایی کە ئەگەر پڕ نەکرێنەوە ئەوا لەوانەیە لەلایەن گروپە تیرۆریستییەکانەوە بەکاربهێنرێن. هەروەها میدیاکان چیرۆکی قوربانیانی تیرۆر پیشان دەدەن و لێرەوە ئەرکی پاراستنی مافی قوربانیان و دوورکەوتنەوە لە قوربانیی لاوەکییان لەسەر شانە. UNODC وۆرک شۆپێکی لەسەر "ڕۆڵی میدیای عێراقی لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و پاڵپشتیکردنی مافی قوربانیانی تیرۆر بەگوێرەی مافەکانی مرۆڤ" لە بەغدا پێشکەش کرد. ئەم چالاکییە بەشێکە لە پڕۆژەی "بەهێزکردنی وەڵامدانەوەی دادپەروەری تاوانکاری بۆ تیرۆر لە عێراق لەڕێگەی پاڵپشتیکردنی قوربانیانی تیرۆر بۆ بەشداریکردن لە ڕێوشوێنە تاوانکارییەکان"، کە لەلایەن شانشینی هۆڵەندا پارەی بۆ دابینکراوە.

لەم وۆرکشۆپەدا ئەکتەرانی دەزگا سەرەکییەکانی ڕاگەیاندن، وەزارەتی ڕۆشنبیری، ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی، ئەمینداریەتی گشتی ئەنجومەنی وەزیران، کۆمیسیۆنی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان، تۆڕی ڕاگەیاندنی عێراقی، دامەزراوەی شەهیدان، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەشداربوون.

لە وۆرک شۆپەکە تیشک خرایە سەر بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاری بەشداربووان سەبارەت بە (i) گرنگی مافەکانی قوربانییەکان لە وەرگرتنی زانیاری دروست، (ii) گرنگیدان و ڕووماڵکردنی میدیای سەرەکی و تۆڕەکانی سۆشیال میدیا دوای هێرشە تیرۆریستییەکان، (iii) ڕێکارەکانی کارکردنی ستاندارد (SOPs) بۆ میدیاکان سەبارەت بە ناسنامەی قوربانییەکان و خێزانەکانیان و ئەگەری قوربانیکردنی لاوەکی، و (iv) پێشخستنی و جێبەجێکردنی ڕێبازێکی هەستیارتر بە قوربانی لەلایەن میدیاوە.

## دەسەڵاتدارانی عێراق سەردانی ڕۆمانیا دەکەن بە ئامانجی ئاڵوگۆڕکردنی بەسوود سەبارەت بە کارپێکردنی یەکەی زانیاری سەرنشینەکان (PIU)




لە چوارچێوەی پڕۆژەی پەیوەندییەکانی فڕۆکەخانەکان AIRCOP، UNODC سەردانێکی توێژینەوەی بۆ دەسەڵاتدارانی عێراق بۆ پشکنەری گشتی پۆلیسی سنووری ڕۆمانیا ڕێکخست بۆ بەدەستهێنانی شارەزایی لە ناسینەوەی ئەو سەرنشینانەی کە مەترسی زۆریان لەسەرە لە فڕۆکەخانەکان هەیە و وەکو هەڕەشەیەکی جددی سەلامەتی ئەو شوێنانە دەخەنە ژێر مەترسییەوە. سەردانەکە لەلایەن کەنەدا پارەی بۆ دابینکراوە و ئامانجی پشتگیریکردنە لە بنیاتنانی PIU ی تایبەت بە عێراق.

سەردانەکە دەرفەتێکی بەسوود بوو بۆ بەدەستهێنانی زانیاری لەسەر بنەماکانی ڕێکارەکانی کارکردنی ستاندارد، میتۆدۆلۆژیا، چوارچێوەی یاسایی و باشترین پراکتیزەکان لە دامەزراندنی و کارکردنی PIU. هەروەها لەسەردانەکەدا عێراقییەکان دەرفەتی ئەوەیان بۆ ڕەخسا کەلە نزیکەوە بەرنامە و نەرمەکالا بەردەستەکان دا سەبارەت بە ناسینەوەی سەرنشینانە زۆر مەترسیدارەکان.

# بنیاتنانی تواناکانی ئەفسەرانی هێڵی پێشەوەی عێراق لە دەروازەی سنووری وشکانی ترێبیل و لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی بەغدا بۆ ڕێگریکردن لە گواستنەوەی کاڵای نایاسایی لە سنوورەوە




لە ڕێگەی پرۆگرامی کۆنترۆڵکردنی کۆنتێنەرەوە (CCP) کۆمەڵێک ئەفسەری هێڵی پێشەوەی لە کۆمیسیۆنی دەروازە سنوورییەکان و کۆمیسیۆنی گشتی گومرگی و دەزگای هەواڵگری نیشتمانی عێراقی کە لە دەروازەی سنووری وشکانی ترێبیل و لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی بەغدا (BIA) کاردەکەن، ڕاهێنانی پێکرد. ڕاهێنانەکان لەسەر بنیاتنانی کارامەیی بوون بۆ ئەنجامدانی پرۆفایلی مەترسی، ئامانجکردن و پشکنینی کۆنتێنەر و بار بە ئامانجی دەستبەسەرداگرتنی کاڵای نایاسایی. هاوتەریب لەگەڵ ئەوەشدا، UNODC یەکەیەکی کۆنترۆڵکردنی سنوورەکانی لە دەروازەی سنووری وشکانی ترێبیل دامەزراند کە فێرخوازان تێیدا کاردەکەن. دوای ئەنجام دانی زنجیرەیەک ڕاهێنان بۆ ئەفسەرانی هێڵی پێشەوە کە لە BIA کاردەکەن، UNODC و دەسەڵاتدارانی عێراق کار لەسەر دامەزراندنی هەمان جۆری یەکە دەکەن لە فڕۆکەخانەدا.

# لەمیانەی گفتوگۆیەکدا لەگەڵ دادوەر محەمەد سەلمان محەمەد، دادگای تاوانەکانی ئەلکەرخ لە بەغدا



بۆ UNODC ی باس کرد و وتی، لە ساڵی 2008 وە دادوەرم، باوکیشم دادوەر بووە. هانی دام بۆ ئەوەی بڕوانامەی یاسا بەدەست بهێنم. کاتێک لە قۆناغی سەرەتایی بووم خەونم بەوە دەبینی کە وەک ئەو بم ، عەبای دادوەری لەبەردکەم. باوکم پێی وتم؛ "کاتێک بوویتە دادوەر، عەباکەمت پێدەدەم". دادوەر محەمەد بەشێکە لە هاوکارییە بەردەوامەکانی نێوان UNODC و حکومەتی عێراق لە چوارچێوەی پرۆژەی کردەوەی جیهانی دژی بازرگانیکردن بە مرۆڤ و قاچاخی کۆچبەران – ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (GLO.ACT-Asia and the Middle East) . GLO.ACT دەستپێشخەرییەکی هاوبەشی چوار ساڵەی یەکێتی ئەورووپا و UNODC بە هاوبەشی لەگەڵ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق و لەنێو وڵاتانی دیکەدا جێبەجێ دەکرێت.

دادوەر محەمەد بە UNODC ی ڕاگەیاند، ڕۆڵی دادوەری لێکۆڵینەوە لە عێراق زۆرجار "ڕۆڵی پێشەنگ لە لێکۆڵینەوە تاوانکارییەکاندا، لەنێویاندا چاوپێکەوتن لەگەڵ شایەتحاڵەکاندا" لەخۆدەگرێت. ئەوان بەرپرسیارن لە دەرکردنی فەرمانی دەستگیرکردن و دیاریکردنی تۆمەتە گونجاوەکان و سەنگکردنی بەڵگەکان و دەرکردنی دۆزینەوەکان و دەرکردنی سزاکان. دادوەرەکانی لێکۆڵینەوە لەوانەیە زانیاری لەسەر کەیسێک لە جێبەجێکردنی یاسا وەربگرن و بڕیار لەسەر هەنگاوەکانی داهاتوو بدەن. هەروەها لەوانەیە ئەو زانیاریانەیان هەبێت و ڕاستەوخۆ جێبەجێکردنی یاسایان هەبێت بۆ لێکۆڵینەوە".

هەروەها ئاماژەی بەوەشکردووە، "کۆکردنەوەی بەڵگە لە دۆسیە تاوانکارییەکاندا دەتوانێت چالاک بێت، بەتایبەتی لە دۆسیە ئاڵۆزەکاندا کە بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە دەگرێتەوە. ئەزموون و شارەزایی دادوەری لێکۆڵینەوە گرنگە بۆ دڵنیابوون لەوەی کە بەڵگەکان بە شێوەیەکی دروست کۆدەکرێنەوە و شی دەکرێنەوە...جێبەجێکردنی یاساکانی پەیوەست بە بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە دەتوانێت چالاک بێت، بە تایبەت کاتێک هەڵوێستی کولتووری یان کۆمەڵایەتی قوربانییەکان وەک تاوانبار سەیر دەکەن نەک وەک کەسانێک کە پێویستیان بە پشتیوانییە و پاراستن.

جێبەجێکردنی یاسا دەبێت ئاگاداری ئەم هەڵوێستانە بن و بە تەرکیزێکی و سەیرکردنێکی وا کە "قوربانی- ناوەندی کارەکە"دابنێتدەبێت لە کارەکانیان نزیکببنەوەو کار بکەن ، دان بەوەدا بنێن کە ئەو کەسانەی بازرگانیان پێوە کراوە قوربانین و پێویستە بەو شێوەیە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت. ئەمە ڕەنگە پێویستی بە ڕاهێنان و پشتگیری زیاتر هەبێت بۆ ئەفسەرانی جێبەجێکردنی یاسا بۆ تێگەیشتن لە تەحەددا و پێداویستییە ناوازەکانی قوربانیانی بازرگانیکردن. هەروەها زۆر گرنگە دڵنیابین لەوەی سەرچاوەی پێویست، وەکو شوێنی داڵدەدان و جۆرەکانی تری پشتیوانی، لەبەردەستدا بێت بۆ یارمەتیدانی قوربانییەکان و یارمەتیدانیان بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی ژیانیان".

دادوەر محەمەد بە ئاماژەدان بە پرۆژەی UNODC GLO.ACT دووپاتی کردەوە کە "کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر سیستەمی دادوەری لە وڵاتەکەمدا هەبووە، زانیاری و ڕاهێنانی زۆری پێشکەش کردووە کە یارمەتیدەر بوونە بۆ باشترکردنی تێگەیشتن و جێبەجێکردنی یاسای TIP 2012. جێگای دڵخۆشییە کە ئێستا دەسەڵاتی جێبەجێکردنی یاسا و دادوەرەکان زیاتر ئاگاداری چۆنیەتی جێبەجێکردنی ئەم یاسایەن و ڕێکاری پێویست بۆ ئەو مەبەستە دەگرنەبەر. هەروەها پێموایە بەردەوامبوونی تواناسازی و ڕاهێنان زۆر گرنگە بۆ دڵنیابوون لەڕادەی جێبەجێکردنی یاسا هەروەها تاچەند دادوەرەکان دەتوانن بە شێوەیەکی کاریگەر لێکۆڵینەوە و لێپێچینەوە لە کەیسەکانی پەیوەست بە بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە بکەن. تێبینیم کردووە کە دوای مەشق و ڕاهێنان، لێکۆڵینەوەکانی ئەم بازرگانیکردنە نایاسایی و قەدەغەکراوە زۆر سەرکەوتووترن".

## بنیاتنانی توانا پیشەییەکان بۆ پلاندانان و چاکسازی و تێکەڵکردنەوەی کاریگەرانەی منداڵان و نەوجەوانانی پەیوەست بە گروپە تیرۆریستی و توندوتیژەکانی توندوتیژ




UNODC بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەنجومەنی باڵای دادوەری (HJC)، وەزارەتی داد (MoJ)، وەزارەتی ناوخۆ (MoI) لەگەڵ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی (MOLSA) وۆرک شۆپێکی تواناسازی لەسەر "پرۆسەی هەڵسەنگاندنی دەروونی کۆمەڵایەتی بۆ منداڵان و نەوجەوانانی پەیوەست بە گروپە تیرۆریستی و توندرەوەکانی توندوتیژ" ئەنجامدا . وۆرکشۆپەکە دەرفەتێکی ناوازەی پێشکەشکرد بۆ بەهێزکردنی توانای پیشەگەرە شارەزاکان کە سەرقاڵی پشتگیریکردنن لە چاکسازی و تێکەڵکردنەوەی منداڵان و نەوجەوانان لە عێراق سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی دەروونی کۆمەڵایەتی.

پیشەگەرەکان ڕووبەڕووی چەندین ئاڵنگاری دەبنەوە لە بابەتی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی چاکسازی و یەکگرتنەوە، لەوانە تێگەیشتن لە چۆنیەتی ئامادەکردن، بەڕێوەبردن، هەماهەنگی و بەکارهێنانی هەڵسەنگاندنی دەروونی کۆمەڵایەتی بۆ وەڵامدانەوەی ئەرکێکی جەوهەری: ئەویش پاراستنی کۆمەڵگا بە دابینکردنی پێداویستییەکانی هەموو منداڵێک.

تیمی نەوجەوانانی STRIVE وۆرک شۆپێکی بنیاتنانی توانایان ڕێکخست بە ئامانجی بەرزکردنەوەی هاوکاری فرە پسپۆڕیی و فرە لایەنە پەیوەندیدارەکان لەم بوارەدا. بەدرێژایی گفتوگۆ سێ ڕۆژییەکە، توێژەرانی کۆمەڵایەتی، لێکۆڵەرانی پۆلیس و دادوەرەکان توانیان پێکەوە کار لەسەر هەڵسەنگاندنی منداڵان و نەوجەوانان بکەن؛ ئەزموون و زانیارییەکانیان بەیەکەوە باس بکەن و بناغەکانی هاوکاری داهاتوو دابڕێژن. هەماهەنگی نێوان دەزگاکان و دامەزراوەکان زۆر گرنگە بۆ جێبەجێکردنی ڕێبازێکی هەستیاری منداڵان و جێندەر بۆ پرۆسەکانی هەڵسەنگاندنی تاکەکەسی کە پشتگیری لە پلاندانانی کاریگەر دەکات بۆ چاکسازی و یەکگرتنەوە لەگەڵ کۆمەڵگا.

وانە وەرگیراوە سەرەکییەکان لە وۆرک شۆپەکەدا بریتی بوون لە؛ چۆنیەتی دڵنیابوون لەوەی کە پرۆسەکانی هەڵسەنگاندنی تاکەکەسی هۆکارە پارێزەرەکان بەرەوپێش دەبەن و دەیانپارێزن؛ و دان بە مافە تایبەتەکانی منداڵان و نەوجەوانان، قۆناغەکانی گەشەکردن و ئەزموونەکانی توندوتیژیدا بنێن.

منداڵان و نەوجەوانانی تێکەڵ بوو بە تیرۆریستان و گروپە توندڕەوە توندوتیژەکان دەبێت بەپەلە بە پێی مافەکانیان مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت و پشتیوانیان بکرێت بۆ چاکسازی و یەکگرتنەوە لەگەڵ کۆمەڵگا بۆ ئەوەی ببنە هاوواڵاتی بنیاتنەر و لە کۆتاییدا بەشداری بکەن لە ئاشتی و ئاسایشی درێژخایەن لە وڵاتدا.

STRIVE Juvenile پرۆژەیەکی پێنج ساڵەیە کە لەلایەن یەکێتی ئەوروپا پشتگیری دەکرێت و ئامانجی چارەسەرکردنی پەیوەندی منداڵانە لەگەڵ گروپە توندڕەوە تیرۆریست و توندوتیژەکان و دەرئەنجامەکانی بۆ ژیانی منداڵان و کۆمەڵگا بەگشتی.

UNODC
مكتب الأمم المتحدة المعني بالمخدرات والجريمة

المكتب الإقليمي
للشرق الأوسط وشمال أفريقيا

@UNODCROMENA1 @UNODC_ROMENA
@UNODC ROMENA @UNODC
unodc.org/romena

**© مكتب الأمم المتحدة المعني بالمخدرات والجريمة، حزيران/يونيه 2023. جميع الحقوق محفوظة.**

لا يعبر مضمون هذا المنشور بالضرورة عن آراء أو سياسات المكتب الأمم المتحدة المعني بالمخدرات والجريمة أو المنظمات المساهمة، ولا يُعتبر بمثابة تأييد منها. لا تنطوي التسميات المستخدمة في هذا المنشور ولا طريقة عرض المادة التي يتضمنها على الإعراب عن أي رأي كان من جانب مكتب الأمم المتحدة المعني بالمخدرات والجريمة بشأن المركز القانوني لأي بلد أو إقليم أو مدينة أو للسلطات القائمة فيها أو بشأن تعيين حدودها أو تخومها.

لم يتم تحرير هذا المنشور رسميًا.